
پرسوڕا..

شەرمین وەلی

نێوانەکان وەلا دەنێم و
خۆم فڕێدەدەمە دەریاچەی گومانەوە
ئاوڕ لە دڵی پرسیارێک دەدەمەوە و
بە هێمنی بە ترسەوە دەڵێم:
ئەرێ بە ڕاست گیانمان ئەزەلییە،
یان داهێنەرەکەی؟!
گومان دەمی تەتەڵە دەکات و
بە هەڵەداوان فریای وشەیەک دووان دەکەوێ؛
بەڵام هەستم پەسەندی ناکات و
ئیدی دەبێتە دەمەقاڵێی
هۆش و هەست!
چاویش حەزی بە تێڕامانە
بەڵام بیری دەچێتەوە بۆ بینین هاتووە!!
لە پڕ گومان دەکەوێتە سەر گازەرای پشت،
وەک کیسەڵ قورس دەبێت و ناتوانێ هەستێتەوە
گیان بزەیەک بۆ خودا دەکات و
ئەویش دەست دەکا بەگێڕانەوەی حیکایەتەکانی
ئیدی لەوێوە:
نە هزر هیچی بیر دەمێنێ و
نە هۆشیش پەی بە هیچ دەبا
ئەوەی غرووڕ دەیگرێ
مانیفێستی گەڕانەوەیە و
هەر ئاوڕ دەداتەوە
تا ئەوەی دەکەوێتە
چاڵی فەنابوونەوە..



٢٠٢٦